# سەیرە، نزیکە لەوەی پیاوێک فەرموودەیەکی منی پێبگات لە کاتێکدا لەسەر ڕاخەرەکەی پاڵی داوەتەوە ودەڵێت: لە نێوان ئێمە وئێوە کتێبی خودایە

لە میقدام کوڕی مەعیدیەکریبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەیرە، نزیکە لەوەی پیاوێک فەرموودەیەکی منی پێبگات لە کاتێکدا لەسەر ڕاخەرەکەی پاڵی داوەتەوە ودەڵێت: لە نێوان ئێمە وئێوە کتێبی خودایە (قورئانە)، هەرشتێک حەڵاڵکرابوو؛ ئێمەش بە حەڵاڵی دادەنێین، و هەرشتێک حەرامکرابوو؛ ئێمەش بە حەرامی دادەنێین»، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرشتێک پێغەمبەری خودا حەرامی کردبێت هەروەکو ئەوە وایە خوای گەورە حەرامی کردبێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە سەردەمانێک نزیک بووەتەوە کە جۆرێک لە خەڵکی لەسەر ڕاخەرەکانیان پاڵیان داوەتەوە، کاتێک فەرموودەیەکی پێغەمبەری بۆ باسدەکرێت -صلى الله عليه وسلم-، دەڵێت: ئەوەی بڕیار لەسەر بابەتەکانی نێوان تۆ و ئێمە دەدات، قورئانی پیرۆزە و بۆ ئێمە بەسە، ئەوەی تێیدا حەڵاڵکراوە بە حەڵاڵ دەیبینین، وکرەوەی پێدەکەین، ئەوەی تێیدا حەرامکراوە بە حەرام دەیبینین ولێی دوور دەکەوینەوە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەر شتێک لە سونەتەکەیدا ؛ حەرامی کردووە یان نەهی لێکردووە ئەوا لە حوکمدا وەکو ئەوەیە کە لە قورئاندا حەرامکراوە، چونکە ئەو حوکمەکانی لە پەروەردگاریەوە گەیاندووە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65005

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee